# تورکیا لە چاوەڕوانی هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا


د.کریستینا کۆڤاین
پسپۆڕ و کارناسی سیاسیی تورکیا
لە هلسنکی- فینلەندا


تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

گرنگترین هەواڵی هەفتەی رابردوو ئەو سەرسوڕهێنەرەی رەجەب تەیب ئەردۆگان بوو کە راگەیاند واز لەو شاڵاوی هەڵبژاردنە دێنێت کە بێتە سەرۆکی ئایندەی تورکیا ، لە جێی ئەو هاوڕێیەکەی لە پارتی«AK» عەبدوللا گولی وەزیری دەرەوە وەک کاندیدێک ناوی ناوخۆی تۆمارکرد، لێدوانەکان لەسەر ئەم ئاڵوێرکردنە تێکەڵاوە.

پارتی «AK» زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمانی هەیە، هەربۆیە کارێکی ئاسانە بۆ ئەوەی کەسێکیان بوێت بێتە سەرۆکی ئایندەی تورکیا ، پێدەچێ سوپا ئەم راگۆڕینەی ئەردۆگانی پێ خۆشبێت، بەڵام بۆچی عەبدوللا گولی پەسەند کرد ؟

موناقەشە گشتییەکان سەبارەت بە نوێنەری پارتی«AK» بۆ ئەوەی بێتە سەرۆکی ئایندەی تورکیا ، دەربارەی ئەوە نیە ئایا ئەو سەرۆکە چ جۆرێکە، زۆربەی وتوێژە حەماسییەکان دەربارەی خێزانی سەرۆکە و دەیانەوێت بزانن چ ژنێک هاوسەری سەرۆکە، لەمبارەوە خێزانی عەبدوللا گولی وەک خێزانی ئەردۆگان هاوشێوەن، هەردوو ژنەکانییان موحەجەبەن، چەند هەفتەیەک پێش ئێستا ژەنەراڵ یەشار بیوکانیت گوتی: پێویستە تورکیا سەرۆکێکی عەلمانی هەبێت، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی سوپا بەوە رازییە عەبدوللا گولی سەرۆکی ئایندەی تورکیا بێت؟

بێگومان لەبەر ئەوەیە گەورەترین گرفت لە تورکیا مەسەلەی کوردە و دەوڵەت بە توندی شەڕ دژی کورد دەکات نەک ئیسلامییەکان، لەم ڕوانگەیەوە ئەردۆگان ریفۆرمخوازە و ئامانجی ئاشکرایە کە دیموکراتیزەکردنی تورکیایە، لە ئابی «٢٠٠٥» کاتێک ئەردۆگان سەردانی دیاربەکری کرد، دەربارەی چارەسەری کێشەی کورد قسەی کرد، من نایەتەوە یادم عەبدوللا بەو جۆرە قسەی کردبێت، ئەردۆگان نابێتە سەرۆکی ئایندەی تورکیا ، بەڵام بە سەرۆک وەزیران دەمێنێتەوە.

««AK»پارتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەڕێوە دەبات بۆ ئەوەی هەردوو پۆستی سەر کۆمار و وەزیران بۆ خۆی بێت،AK پارتی ئیمکانییەتی هەیە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بباتەوە هەروەها حکومەتی ئایندەش پێکبهێنێت. ئەمساڵ ساڵێکی زۆر گرنگە بۆ تورکیا ، ئێستا هەموو کەس چاوەڕێی هەڵبژاردنەکانی داهاتو دەکات لەبەر ئەوەی ئاراستەی ئایندەی تورکیا دیاریدەکات، هەندێک لە چاودێرانی بیانی پێیان وایە لەو تەنگژانەی ئێستا هەن هۆکاری هەڵبژاردنی ئایندەیە دوای هەڵبژاردنەکە ئەو تەنگژانە سارد دەبنەوە، من لەوە دەترسم ئەو بۆچوونانە هەڵە دەربچن و مەسەلەکە بە پێچەوانەوە بشکێتەوە و لەوانەیە هەڵبژاردنەکە بارودۆخە نادیار بکات.

لەوانەیە پارتی ئۆلتا ناسیۆنالستی تورک هەڵبژاردنەکە بباتەوە«MHP» یان حاڵەتێکی پێچەوانە دروست بێت و MHP دەنگێکی هێندە کەم بەدەست بهێت کە لایەنگیران نا ئومێد بکات و بێتە هۆکاری دروست بوونی کاردانەوەی توند لە دیدی کوردەوە گرنگترین مەسەلە ئەوەیە ئەمە هەڵبژاردنێکی عادیلانە نییە کاتێک بە سەدان سیاسەتمەداری کورد لە بەندیخانەدابن، ئێستا شاڵاوی هەڵبژاردن یەردەوامە، باشە چ پارتێک دەتوانێ لە بەندیخانەوە شاڵاوی هەڵبژاردن دەست پێبکات، هەربۆیە پێویستە سەرکردەکانی «DTP» دەست بەجێ ئازادبکرێن.

ئەگەر هەڵبژاردنی داهاتووی تورکیا لە ژێر ئەو مەرجانە ئەنجامبدرێت و کورد نەتوانێت لە پەرلەماندا بوونی هەبێت، ئەوا دەبێ ئەوەمان لە بیربێت کە گەورەترین کێشە لە تورکیا کێشەی کورد دەبێت، ئەگەر تورک لەمە تێنەگات و رێگە چارەیەکی ئاشتییانە بۆ ئەم کێشەیە نەدۆزرێتەوە، ئایا کورد چ بەرپرسیارێکی لە تورکیا دا دەبێت؟

من بەلامەوە سەیرە ئەردۆگان رای خۆی گۆڕی سەبارەت بەوەی بێتە سەرۆکی ئایندەی تورکیا ، سەرسوڕمانی زیاتریش بێگومان لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا دەبن.

